# 11 پەناهەندە لە زیندانییەکەی سخیپۆل لەهۆلندا گیانیان لەدەستدا بەهۆی ئاگر بەربوونەوە لە زیندانەکە



مەحموود محەمەد عوسمان
هۆلەندا
2005–10– 31
m_o_osman@hotmail.com

لەوەتی ئەم حکومەتە درووست بووە ، رۆژ بە رۆژ یاسای نادروست و بەرتەسککردنەوەی دەستکەوتەکانی خەڵکی ئەم وڵاتە پیشەیانە . لە هەموو بووارەکاندا . هەر کاتێ دەست بە سیاسەتێ بکەن دژ بە خۆشگوزەرانی خەڵک لە توند و تیژی بەرامبەر پەناهەندە و بێگانە دەستی پێ ئەکەن .
یاسایەکی نائینسانی ، یاسایەک کە حکومەتی هۆلندای راست بەریوەی ئەبات بووە هۆی گیان لەدەست دانی 11 کەس لە کۆی نزیکەی 300 کەس کە لەزیندانێکی زۆر نا مرۆڤانە ژیانیان بەسەر ئەبەرد بۆ دیپۆرت کردنیان بۆ وڵاتەکانی خۆیان .
11 کەس رووبەرووی مەرگ ئەبوونەوە و کەس بەهانایان نەئەهات ، دەنگی تاساویان و هاواری بەردەوامبوونیان و سکاڵای هەمیشەییان لە ژیانێک کە مەحکوم بوو بەسەریاندا و ئۆمێدی ژیانێکی باشتریان نەبوو ،چی لێرە کە مافی مانەوەیان نەبوو وە چی ئەگەر بگەرێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان . بەڵی لەو ساتە وەختانە کە کەس ناتوانێ وەسفی بکات ، تەنانەت خویشیان نەیانئەتوانی بیرکردنوەکانیان دووبارە بکەنەوە ، ئومێدەکانیان پێش و پاش بخەن بەگوێرەی چی ئومێدێک گرنگترە لەوەکەی تر . یان تەنها ژیانێکی ئاسای بەسەر بەرن . بە خێرای هەموو تەمەنیان بە پێش چاویاندا گوزەری ئەکرد ، هیوا و ئاواتیان ، بیرکردنەوە لە دەستدانی خۆشەویستەکانیان یان منالەکانیان کە هەندێکیان لەوڵاتی خۆیان بەچێیان هێشتبوو ،ئەمە چی تراجیدیاکە ! چی تابلۆیەکی پر لە رۆح گوشین . کە لەهەر گۆشەیەکی بێزاری و تورە بوون رووبەرووی دەسەڵاتداران پێشان ئەدات .
بەڵی لە خواروی فرۆکەخانەی سخیپۆلەوە بەتواناترین ئەندازیاریان هێناوە و پارەیەکی زۆریان تێدا خەرج کردووە و جوانترین باڵەخانەیان درووست کردووە بۆ خنکاندنی ئاوەتەکان ، بۆ سەرکوتکردنی کەسانێک کە بەهەر هۆیەکەوە بێت روویان کردووەتە ئەم وڵاتە ، دوای ئەوەی کە تەمەنێکیان لێرە بەسەر برد ، ئەمانە وەک لە زاری خەڵک ومیدیاکانەوە هاتبوو ، نە کاری خراپیان کردووە وە نە کەسیان تاونبارن لە ماوەی ئەم چەند ساڵە کە لێرە بوونە نە دزیان کردووە ونە کارێکی دژ بەو یاساییەشیان کردووە کە مەرگی بەسەریان سەپاند ، تەنها تاوانیان ئەوە بووە کە پشتیان بە بڕگەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان بەستبوو کە ئەڵێ هەموو کەس ئازادە بۆ هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوون ، لێگەرێ لە بڕگەکانی تر کە باسی مافی پەناهەندەیی ئەکات یان باسی ئازادی بیر ورا و بەکار هێنانی میدیا ئەکات، کە خۆیان بانگەشەی بۆ ئەکەن و مۆریان کردووە .

هەتا ئەم رووداوە نەبوو کەس نەیئەزانی  ئەم 300 کەسە چی ژیانێک بەسەر ئەبەن . و بەشەو تەنها چەند پاسەوانێک لەوێ بوو ، جا پاسەوانیان بۆ چییە ! خۆ بۆ هاودەردیان نییە لەکاتی مەرگباراندا . ئەمرۆ چاوپێکەوتنێک هەبوو لەگەڵ هاوسەری یەکێ لە گیانبەختکردووان کە منالێکێ چەند مانگی لەدوای خۆی بەچێهێشتبوو لەگەڵ هاوسەرە هۆڵەندییەکەی . چۆن بتوانم ئحساساتی کەسێک وەرگێرم ، کە تەنها ئەو رۆحە ئەزانێ چی لە دڵیدا پەنگی خواردبووە و چۆن بیری ئەکردەوە لەو کاتەی کە دەستی بەسەر قژی منالەکەیدا ئەهێنا و هۆن هۆن فرمێسکەکانی بۆ راگیر نە ئەکرا . ئەو نامەیە چیی لە توێدایە کە بۆ منالەکەی نارد بە فرمێسک و بێدەنگی ؟
هەتا ئێستا وادەرکەوتووە  10 کەس لە کۆی ئەم 11 کەسە دووانیان خەڵکی ئۆکراینە و دوو خەڵکی تورکیا و یەک لیبی ویەک جۆرجیا و دوو سورویناما و یەک دۆمیناکیان و یەک بۆلگاریا و بریندارییەکی زۆر و هەشت کەسیش هەڵهاتوون و سی کەسیان لێگردووە . پاش ئەم رووداو قسەی زۆر کرا و پەرلەمانتاران قسەیان کرد ، و یەکێ لە  پەرلەمانتارەکان کە بە رەگەز سۆمالییە  ئایان هرسی ئەلی کە ئافرتێکی چالاکە وێرای ئەوەی کە لە حزبی دەسەڵاتدارە داوای ئەوەی کرد کە ئەبی مافی مانەویان پێبدرێ . و وەزیری پەناهەندەو نیشتەجێبوون کە ئەویش سەر بە حزبی دەسەڵاتە ناوی ڤێردرۆنکە وتی چاوێ بە مەسەلەکەیاندا ئەخشێنین  و ئێستە لەوێ دوور خراونەتەوە بۆ کەمپی تر بەڵام دوای ئەرەب واتەنی ( خراب البصرە ) دوای کاول کردنی بەسرە .
ئەم وەزیرە بریاری دابوو بەو لیستەی کە لایەتی 26 هەزار ( سەرژمێری تەواو نییە چونکە زۆری لەمانە لێرە نەماوە ) پەناهەندە دەر بکات . و پێشتریش باسم کرد بەس لەم شارەی من 50 کەس کە لە نێوان 6 ساڵ هەتا 15 ساڵی تێدایا کە مافی پەناهەندەییان وەرنەگردووە ،ئەیانەوێ لە خانووەکان دەریان بکەن و پاشان بیانگوێزنەوە بۆ ئەو زیندانانەی کە ناویان لێناوە کەمپ .